# سوپای تورکیا کاروانێکی چەک و پەداویستیی لەجستی ڕەوانەی ئیدلب کرد



سوپای تورکیا کاروانێکی چەک و پەداویستیی لەجستی ڕەوانەی بنکەکانی لە پارێزگای ئیدلبی سووریا کرد.

ڕوانگەی سووری بۆ مافەکانی مرۆڤ باڵوی کردەوە، سوپای تورکیا کاروانێ سەربازییەکی لە ڕێگەی دەروازە سنووریییەکانی بابول هەوا و کەفەر لوسینەوە، ڕەوانەی ئیدلب لە باکووری ڕۆژئاوای سووریا کردووە.

ڕاشیگەیاندووە، کاروانێ سەربازییەکی سوپای تورکیا پێکهاتووە لە 30 بارهەڵگری پڕ لە چەک و پەداویستیی لەجستی.

ئاماژە بۆکراوە، ئەو کاروانە سەربازییە بۆ بەهێزکردنی جبەخانە و پێگەی سەربازیی سوپای تورکیا ڕەوانەی ئەو ناوچەیە کراوە.

هەروەها سوپای تورکیا لە 24ـی کانوونی دووەمیشدا، کاروانێکی دیکەی سەربازیی کە پێکهاتبوو لە 40 بارهەڵگری ئۆتۆمبێلی سەربازی، زرپێش، چەک و پێداویستیی لۆجستی، لە دەروازەی سنووریی عەین بەیزاوە ڕەوانەی ڕۆژئاوای ئیدلب کردبوو.

تورکیا لە 12ـی تشرینی یەکەمی 2017ـوە، هێزی سەربازیی لە پارێزگای ئیدلبی سووریا جێگیرکردووە، لەوکاتەوە کاری چاودێریی سەربازی لەو ناوچەیە دەکەن.